هەرێمی کوردستان/عێراق

ئەنجومەنی وەزیران

إقليم كوردستان/العراق

مجلس الوزراء

# بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران
## ژمارە (٨) لە ٢٠١٩/٧/٣٠

پشتبەست بە ئەحکامی ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو، و لەبەر رۆشنایی کۆنووسی کۆبوونەوەی ئاسایی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٣) لە ٢٠١٩/٧/٣٠، بڕیاردرا بە:

١. پەسەندکردنی مەبدەئی بۆ پێکهێنانی ئەنجومەنی گشتی ڕاژە لەبەر رۆشنایی ڕێکارەکانی هاتوو لە یاسای ئەنجومەنی گشتی ڕاژە لە هەرێم ژمارە (٧)ی ساڵی ٢٠١١ بە مەرجێك ڕەچاوی دوو خاڵی سەرەکی بکرێت کە لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران خرانەڕوو کە ئەوانیش پێکهاتە و هەیکەلییەتی ئەنجومەنەکەیە کە هەوڵ بدرێت لەسەر بنەمای تایبەتمەندێتی سوود لە بەڕێوەبەرە گشتییە پسپۆڕەکان لە وەزارەتە پەیوەندیدارەکان بە ڕاژەی گشتییەوە وەربگیرێت بۆ پێکهێنانی ئەنجومەنەکە لە قۆناغی یەکەمدا.

٢. لە دوای جێبەجێکردنی بڕگەی (١)ی سەرەوە، ئەنجومەنی گشتی ڕاژە دەتوانێت پرۆژەیەك ئامادە بکات تایبەت بە هەموارکردنی یاسای ژمارە (٧)ی ساڵی ٢٠١١ کە تیایدا ڕەچاوی لامەرکەزیەت و کەمکردنەوەی بیرۆکراسی نەرێنی لە ڕاییکردنی کاروبارەکانی ئەنجومەنەکە بکرێت.

٣. ڕاسپاردنی هەردوو بەڕێزان سەرۆکی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران و سکرتێری ئەنجومەنی وەزیران بۆ وەرگرتنی ڕێکاری یاسایی پێویست بۆ جێبەجێکردنی بڕگەکانی ئەم بڕیارە.

٤. وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن.

مەسرور بارزانی

سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران